www.kurdistannet.org
17/01/2002 00:02

## نامەیەكی پۆلیسی دانمارك بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری كورد/ ئوستراليا
## دەربارەی دادگاكردنی نەزار ئەلخەزرەجی

بە پێی ئەو ئیمایلەی كە نێرراوە بۆ ناوەندی ڕۆشنبیری كورد/ ئوستراليا لە لایەن لێپرسراوانی پۆلیسی دانیمارك لە ڕۆژی 15 /2002/1 كە بە ئاماژەكردن بۆ نامەی ناوەند لە 2001/10/15 لە بارەی داوای دادگایكردنی تاوانبار نەزار ئەلخەزرەجی سەرۆك ئەركانی سوپای عیراقی پیشوو نوسرا بوو، داواخوازی گشتی دانمارك بڕیاری لێكۆڵینەوە لە سەرتاوانكاری داوە دژ بە تاوانباری ناوبراو، بە مەبەستی دەستپێكردنی تۆیژكردنەوە لە كاتی پەیدابوونی بەڵگەكان بە ئامانجی داوای تاوانباركردن بە شكاندن و لادان لە پەیمانە نێونەتەوەییەكان "وەك پەیمانی جنێڤ" سەبارەت بە كەمپینی ئەنفال دژ بە گەلی كورد لە هەشتاكاندا.

هەروەها لە ئیمایلەكەدا داوا لە ناوەندی ڕۆشنبیری كورد كراوە بۆ ناردنی هەر دۆكیومینتێك كە بەڵگەی بەشداربوونی نەزار ئەلخەزرەجی یان بەشەكانی سوپای عیراق لە كەمپینی ئەنفال و قڕكردن و سەركوتكردنی دانیشتوانی كورد ئەخاتە ڕوو.

بەڵگەكانیش كە داواكراون ئەمانەن:

1- دوكیۆمینتی نوسراو، نوسراوە و پارچەی ڕۆژنامەكان.

2- وێنەو فلیمی ڤیدیۆ.

3- هەر زانیاریەك بۆ شایەتی دان، هەركەسێك كە زەبروزەنگی چێژتووە یان بینیوە لە لایەن نەزار ئەلخەزرەجی و هەر لایەنێكی تری سوپای عیراقەوە.

4- ئەو كەسەی كە فەرمانیان بەجێهێناوە كە ڕاستەوخۆ لەلایەن یان لە جیاتی نەزار ئەلخەزرەجییەوە دراوە.

5- هەر دۆكیۆمێنتێكی تر كە گرنگێتی هەیە بۆ پێشەوەچوونی لێكۆڵینەوەكان.

لێرەدا داواكارین لە هەموو ئەو كەسانەی كە ئەو جورە بەڵگانەیان لا دەست ئەكەوێت بە تایبەت ئەوانەی دانیشتووی ئوسترالیان پەیوەندیمان پێوەبكەن یان بەڵگەكانمان بۆ بنێرن بەو ناونیشانەی حوارەوە، بۆ ئەوەی بیگەیەنین بە پۆلیسی دانمارك لە پێی داخوازیەكەیان، بۆ ئەوەی كاری داادگایكردن بە بەڵگەی تەواوەوە بەرەو پێشەوە بچێت.

لێرەدا هیواداریین هەركەس بە پێی توانا بەشداری خۆی نیشان بدات لەم بوارەدا بۆ بەسزا گەیاندن و ڕسواكردنی ئەو جەللادانە.

ناونیشان
AKCC
P. O. Box 562
Merrylands NSW 2160
Australia
E-mail: akcc@start.com.au
Fax: 612- 9632 1962

**سەلاح گەرمیان**

**سەرۆكی ناوەندی ڕۆشنبیری كورد / ئوستراليا**